لەدەرەوەی بازنەدا

# زاوای سویدی



نەوزاد عەلی ئەحمەد
nawzad.ali@hotmail.com

ماوەیەك لەمەوبەر بەشداریم لە پرسەی برادەرێكدا كرد لەو كەسانەی لە پرسەكەدا بە مەبەستی بەخێرهاتنی میوانان وەستا بوون گەنجێكی سویدی جوانكیلە بوو، ئەو گەنجە هەر زوو بووە جێی سەرنجم‌و لە هاورێكەم پرسی: ئەو برادەرە دەڵێی سویدیە؟ ئەویش وتی: بەڵێ سویدیەو زاوای فلانەو تازە كچەكەی خواستووەو وابزانم لە زانكۆوە پەیوەندی خۆشەویستیان هەبووە. وەك دەزانرێت تا ئێستا جیاوازییەكانی نەتەوەو گەل‌و نیشتمان نەیانتوانیوە سنوور بۆ خۆشەویستی دابنێت‌و رێگربێت بۆ بە یەكگەیشتنی دوو دڵخواز بە تایبەتی لە كۆمەڵگا پێشكەوتووەكاندا.

لە ئەوروپا بە تایبەتی لە سویددا دەیان كوڕی كورد كچی بێگانە بە تایبەتی سویدیان هەیەو هەیانە ساڵانێكە لەماڵێكدا پێكەوە دەژین‌و تا هەندێكیان منداڵیشیان بووەو ژیانێكی كامەران‌و بەختیاریان بۆ خۆیان چێ كردووەو وەك هەر تاكێكی سویدی دەژین، بەبێ ئەوەی نەتەوەو نیشتمانێكی داگیركراو كە ناوی كوردو كوردستانە لە بیر بكرێت، بەڵام تاك‌و تەرا كچی كورد شووی بە كوڕی سویدی كردووە.

لێرەدا ئاماژە بە دوو جیاوازی دەدەم كە تا ئێستا لەلای زۆربەی باوك‌و دایكی كوردی دانیشتووی سوید كاری پێدەكەن، بۆیان ئاساییە كوڕەكانیان لەگەڵ كچی سویدی شەو تا بەیانی لەززەت لە یەكتر وەربگرن، بەڵام ئەگەر كچەكانیان تەنیا ماچێكی خوایی بە كوڕێكی سویدی رەوا ببینن ئەوە كفر دەبارێت.

كۆتایی ئەم نووسینە بە هەڵسوكەوتی نووسەرێكی كورد دەهێنم كە ساڵانێكە لە سوید دەژییێت، كابرا رۆژێك تەلەفۆن بۆ برادەرێكی دەكات‌و پێی دەڵێت: م. ی. كوڕم ئەمشەو تا بەیانی لەگەڵ كچێكی زۆر جوانی سویدی رۆژی كردۆتەوە. برادەرەكەی لە وەڵامدا پێی دەڵێت: كەواتە ئێستا ئاساییە ئەگەر كچەكەشت لەگەڵ كوڕێكی سویدی بژیت!